سەماحەتی حەکیم داوای بایەخدان بە تیپە میللییەکان دەکات و داوا دەکات ڕێگایەک بۆ قۆستنەوەی توانای بەهرەمەندەکان هەبێت



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز عەدنان درجال سەرۆکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقی و لەم دیدارە بەڕێزیان گوێبیستی پلانەکانی فیدراسیۆنەکە بوو بۆ پێشخستنی تۆپی پێی عێراق و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر و پیرۆزبایی دەستپێکی وەرزی تازەی خولی عێراقی کرد و جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پێشخستنی خولەکە و بایەخدان بە خولی لاوان و تازەپێگەیشتوان و ڕاکێشانی پارە و وەبەرهێنەران.

سەماحەتی حەکیم ڕوونی کردوە کە گرنگە ئەو خولیایەی تۆپی پێ لە وڵات بە باشی بقۆسترێتەوە لە ڕووی کوالیتی و لە ڕووی ڕۆشنبیرکردن و بنیاتنانی کەسایەتی بە لاوی عێراقی و پاراستنی لە بیرۆکەی خراپ و دوور لە ڕەوشت، داواشی کرد بایەخ بە تیپە میلییەکان بدرێت و ڕێگایەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی توانای بەهرەمەندەکان بقۆسترێتەوە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە پێویستە پالپشتی ڕێڕەوی هەڵبژاردەی عێراق بین لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی و جەختی کردەوە لەسەر باش ڕێکخستنی یارییەکان کردەوە و داوای کرد کە یاریگا زەبەلاح دروست بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ژمارە گەورانە هاندەران لە خۆ بگرێت کە هەموو جارێك بۆ یارییەکان هەڵبژاردەکە ڕوو لە دەرگای یاریگاکان دەکەن.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە هەماهەنگی لە نێوان دەزگا وەرزشییەکان بکرێت و کەرتی تایبەت لە پاڵپشت و پێشخستنی یارییەکان و سوود وەگرتن لە بوار و ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پزیشکی وەرزشی و بنیاتنانی دام و دەزگای پزیشکی وەرزشیدا.